## بورهان یاسین:

# ئێراق نەك هەر نوێ نییە بەڵکو دووجار کۆنە جارێك ئەقلیەتی سیاسی کوردی‌و جارێکی تر ئەقلیەتی عەرەبەکان



**چەمکی برایەتی لەنێوان هیچ گەلێکی داگیرکەرو داگیرکراو بەکار نایەت. بۆ بۆیاخکردنی سیاسەتێك کە نیوەی شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەر دەستەو نیوەکەی تریشی سیاسەتی لایەنێکی لاوازە بە نجێکی جەماعی پێوەیە، مێشکی کورد سڕدەکات دەیخەوێنێت**

### بەشی دووەم و کۆتایی

**میدیا: بەرای تۆ دەبێت فۆرمی خەبات لە پارچەکانی کوردستاندا چۆنبێت لەکاتێکدا لە بەشی یەکەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا دژایەتی خۆت بۆ خەباتی چەکداری دووبارە کردەوە؟**

–بەبڕوای من بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئەو وڵاتانە چیتر داخراو نین، کوردستانیش داخراو نییە ساڵانی شەستەکان لەوانەیە لە چەند هەفتەیەکدا لە هەموو ئەورووپاو ئەمریکا بە یەك هەواڵی کورتیش باسی کورد نەکرایە.

بەڵام ئەمڕۆ نەك لەدەزگاکانی راگەیاندن، بەڵکو لەناوەندە سیاسییە گەورەکانی جیهانیشدا رۆژانە باسی کورد دەکرێت. کەواتە تۆ مەرجەکانی خەباتت گۆڕاوە، بە باوەڕی من کێشە لەسەر خودی بەکارهێنان یان نەهێنانی چەك نییە، بەڵکو کێشەکە لەسەر پێداگری تۆیە لەسەر دروشمێك یان ئامانجێکی سیاسی ئەمڕۆ لە بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ بەغدا بە هەموو پێوەرێك ئێمە بەهێزترین لەوان. بەڵام ئەو ئەقلیەتەی کە لە پشتی ئەو هێزەیە ناتوانێت سودی لێ وەربگرێت، ناتوانێت هێزی راستەقینەی کورد پیشان بدات. من ناڵێم لەپشتی قەرەتەپە یان خانەقین بەرگری لەقەرەتەپە یان خانەقین بکە، ئەو زمانە سەربازیە رەقە بەکار ناهێنم.

بەرگری تۆ لە دەست چوو، کاتێك تۆ دەستوورت قبوڵ کرد قبوڵت کرد کە دەسەڵاتی تۆ لەو شوێنانەدایە کە تا ڕووخانی حکومەتی سەدام لەژێر دەسەڵاتت دایە واتە لەو شوێنانەی تر هەتا ئەمریکای دۆستیشت تۆ بە نایاسای دەخوێنێتەوە، کەواتە کێشەی ئێمە نابێت هەر لەسەر ئەوە بێت چۆن چەك بەکار دەهێنین و لەکوێی بەکار دەهێنین بەڵکو ئەو ئەقلیەتەو ئەو تەکبیرە سیاسیەی لە پشتی هێزەوەیە دەها جار گرنگترە لەخودی هێزەکە.

**میدیا: بە پێی قسەکانی تۆ کورد ئەوەی کە ئێستا لەبەغدا شەڕی لەسەر دەکات لە کاتی دانانی دەستووردا دۆڕاندویەتی؟**

– ئێمە پێشدانانی دەستوور ڕووخانی رژێمی بەعس و کۆنفرانسی لەندەنیش ئەو شەڕەمان دۆڕاندووە، ئێمە خیتابێکمان هەڵگرتوە کە تێری ئەوە ناکات کە ئەو نەتەوەیە بخەیتە سەر پێ لەچوارچێوەیەکدا کە گرنتی ئەوە بکات جارێکی تر دوژمن چاوی لەوە بێت، تۆ لەشاخەکاندا محاسەرە بکات و وات لێبکات شارەکانیش بەجێ بهێڵێت.

**به هەموو پێوەرێك کورد بەهێزە، بەڵام ئەو ئەقلیەتەی لە پشتی ئەو هێزەیە ناتوانێت سوودی لێ وەربگرێت**

تۆ شتێکی باشت وروژاند، بە باوەڕی من لەرۆژی روخانی دیکتاتۆرەوە کورد کەوتە ناو پرۆسەیەك کە من پێی دەڵێم، دەوڵەتێکی دروست کردەوە کە دواتر بچێت لەهەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات، ئەوە کێشەی سەرەکیی کوردە لەئێراق کێشەکانی دیی بە بڕوایی من فەرعین، مەسەلەی سنورو میزانیەو پارەی پێشمەرگە و زۆر بابەتی تر مەسائیلی فەرعین. ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە پێی دەڵێن برایەتی کوردو عەرەب لەنێوان هیچ گەلێکی داگیرکەرو داگیرکراودا ئەو چەمکە بەکار نایەت. تەنیا کورد ئەو چەمکە بەکار دەهێنێت، بۆ بۆیاخ کردنی سیاسەتێك کە نیوەی شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەر دەستە و نیوەکەی تریشی سیاسەتی لایەنێکی لاوازە لەبەر ئەوە بۆیاخکردنی ئەو لایەنە ناهاوسەنگە بە بۆیاخی برایەتی بەبڕوای من بەنجێکی جەماعی پێوەیە بۆ گەلی کورد، کە مێشکی کورد سڕدەکات دەیخەوێنێت رایدەگرێت، لە چالاکی دەخات رێی لێ بزردەکات نا هۆشیار دەمێنێتەوە نائارامی و نیگەرانیەکانی لێ دەسێنێت کە ئەوانە مۆتۆڕی سیاسەتن.

ئەگەر تۆ نا ئارام بوویت پرسیارت کرد نیگەران بوویت بەردەوام بەدوای وەلامەکاندا دەگەڕێیت کە ئەو نیگەرانییەت نەمێنێت، بەدوای دەستەبەریدا دەگەڕێیت. لەبەر ئەوە سیاسەتی کوردی هەر لە رۆژی دوای ڕووخانی ئێراقەوە دروشمی ئەوەی بەرز کردەوە کە ئێراق ئێراقێکیی نوێیە.

بە بڕوای من ئێراقی دوایی سەددام نەك نوێ نییە بەڵکو دووجار کۆنە جارێکیان سیاسەتی کوردی کۆنە لە باشترین حاڵەتدا هی زەمانی عەبدولرەحمان عارف و عەبدول سەلام عارفەو ئەوانەیە. جارێکی تریش کۆنە کە ئەوانەی لە بەغدا کار دەکەن ئەقلیەت و بیرکردنەوەی یان هیی ئێراقی کۆنە، ئەگەر ئەوان بیرکردنەوەیان کۆن بوایە ئێمە بەشێوەیەکی نوێ کارمان کردایە ئەوە باشتر بوو.

**ئەو ئەقلیەتەو ئەو تەکبیرە سیاسیەی لە پشتی هێزەوەیە دەها جار گرنگترە لە خودی هێزەکە**

لەم کاتەدا کە ئێراق دووجار کۆنە بە بڕوایی من کارێکی پشت شکێنی ستراتیجیە ئێمە بێین بەردەوام بەگوێچکی کوردا بچپێنین کە ئێراق ئێراقێکی نوێیە.

**میدیا: پێت وایە کە لەبنەڕەتدا ستراتیژیەتێکی نەتەوەی کوردی لەئارادابێت؟**

–زۆر جار لە گفتوگۆ گشتییەکاندا دەگوترێ، کێشەکە ئەوە نییە ئێمە لەوێستگەیەکی هەڵە لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، بەڵکو کێشە ئەوەیە بەسکەیەکی هەڵەدا بڕۆین.

**میدیا: سنوری دەسەلاتی ئەم فیدرڵیەتەی لە کوردستاندا هەیە بە بەراورد لەگەڵ هەرێمە فیدراڵیەکانی دەرەوەدا لە چ ئاستێکدایە؟**

–من دەمەوێت دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەم لەگەڵ دوو ئەزمونی ئۆتۆنۆمیی یەکەمیان ئۆتۆنۆمی گریلاند لە دانیمارك کە ژمارەیان لە پەنجا هەزار کەس تێناپەڕێت، ئەم هەرێمە لەساڵی ١٩٨٢ لە ریفراندۆمێکی ناوخۆیدا بڕیاریدا لەناو یەکێتی ئەورووپادا نەمێنێتەوە وە ئەگەر دانیمارك دەیەوێت لەناو ئەو یەکێتییەدا بمێنێتەوە ئازادە. بەڵام ئەوان ناچنە ناو یەکێتی ئەورووپاوە، دانیمارکیش بۆی نەبوو بڵێت نا. بڕیار درا کە گریلاند لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپاوەیەو ئێستا هیچ شتێکی یەکێتی ئەورووپا ئەو دورگەیە ناگرێتەوە. ئەم دۆخە بەراورد بکەین بە دەستووری ئێراق و بەشداری ئەم وڵاتە لە جامیعەی عەرەبیدا، چونکە ناکرێت ئەم جامیعەیە وەك نادیەکی

بەڵام لە دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا و لە ماددەی ٢٣ بڕگەی ئەلف هاتووە کە هەر ئێراقیەك بۆیی هەیە، لە هەر جێگایەکی ئێراق عەقارات و موڵکیەی هەبێت، بپێی ئەو ماددەیە ئێمە کەرکومان لە دەست داوە. چونکە ئەو عەرەبەی کە لەو خانووەی داگیری کردوە ئەگەر دەر بکرێت دەتوانێت لەولاتر خانویەکی تر بکرێت.

**میدیا: رات چییە لەسەر ئەو رێککەوتنە ئاسایشیەی کە بڕیارە لەنێوان ئێراق و ئەمریکا؟**

– ئەو رێککەوتنە ئەمنیەی نێوان ئێراق و ئەمریکا دەکرێت پشت شکێن بێت بۆ کورد. من بەجدی دەخوازم چرای سوری مەترسی داگرسێنم، ئەگەر هاتوو لایەنی عەرەبی رێککەوت لەگەڵ ئەمریکاو رازی بوو لە سەر مانەوەی ئەمریکا لە ئێراق ئەوکات هێزی لایەنی عەرەبی لە ئێراقدا دەها زیاتر دەبێت بە بەرانبەر بەکوردو، پێویستی ئەمریکا دەها جار کەمتر دەبێتەوە بەرانبەر بە کورد، بەداخەوە مام جەلال و هۆشیار زێباری و ئەو کوردانەی کە لەدەسەلاتدان رۆژو شەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت ئەو رێککەوتنە مۆر بکرێت، بە باوەڕی من ئەو بانگەشەو ئیسرارەی ئەوان دوو زەرەری لێدەکەیتەوە یەکیان ئەوەیە کە جێگای کورد لەو رێککەوتنەدا نەبۆتەوە، بەشێوەیەکی ئاشکراو هیچ گەرەنتیەك بۆ کورد دابین نەکراوە، لەلاکەی ترەوەی تۆ عەرەبت لە خۆت تۆراندوە چونکە لە ئێستادا عەرەب وا دەزانیت کوردە ئێراق پاڵ دەنێت بۆ مۆرکردنی رێککەوتننامەیەك کە ئەگەری هەیە ئێراق لەوێدا کۆمەڵێك شت لەدەست بدات، رێککەوتنی ئەمنی کە ئێستا باسدەکرێت لەسەر رێککەوتنی مالکی و بۆش دەبێت کە ساڵێك پێش ئێستا مۆر کراوە زۆر جێگای داخە

خانەقین کۆمەڵێك پەرلەمانتاری عەرەب ناوی هێزی پێشمەرگەیان ناهێزیی نایاسایی ئەوە بەڕێککەوت نەهاتووە ئەوانە هەمووی پلانیکی جدی لەپشتە کە عەرەب هۆشیارە لێی بەلام کورد بێ ئاگایە.

من لەنووسینێکدا بەراوردم کردوە لەگەڵ پەیمانی ئێراقی بەریتانی ساڵی ١٩٣٠ کە کێشەی کوردی خستە قۆناخێکی زۆر تازەوە بەتوندی عەرەبی گرێدا بە بەریتانیاوە بەتوندی بەریتانیاشی دورخستەوە لە کورد.

**میدیا: ئایە تۆ بەتەواوی رێککەوتنەکە رەتدەکەیتەوە یان پێتوایە دەکرێت چەند بەندێکی لێ زیاد بکرێت کە مافی کوردی تێدا لە بەرچاو بگرێت؟**

–بۆ نموونە یەکێك لەو پەڕەگرافانەی کە سوننەکانیش نەیارین ئەوەیە کە رێگە بە ئێراق دەدات رێککەوتنی هاوشێوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا واژۆ بکات، بە بڕوای من لایەنی کوردی هەرنەبێت دەتوانێت پێ لەسەر ئەوە دابگرێت

**سەردەمی خەباتی چەکداری بەسەرچووە**

کە لەپشتی ئەو بڕگەوە نوقتە نەیەت بەڵکو فاریزەیەك دابنێت و لەپشتی ئەو فاریزەوە بنووسێت بەمەرجێك ئەو رێککەوتنە ئەنجام بدرێت کە دژی بەرژەوەندی هیچکام لە پێکهاتەکانی ئێراق نەبێت. کورد تائێستا ئەو مەرجەی دانەناوە.

**میدیا: ئەم رێکەوتنەی نێوان ئێراق و ئەمریکا لەکوێی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەدایە کە ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣دا خستیەڕو؟**

–لەکاتی پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیەدا لەساڵی ٢٠٠٣–٢٠٠٤ بە دوو قۆناغ لەناو کورددا گەشبینییەك هاتە ئاراوە کە بەجۆرێك باسی لە

## سەبارەت بەرێککەوتنی ئێراق و ئەمریکا من بەجدی دەخوازم چرای سوری مەترسی داگیرسێنم

عەرەبی سەیری بکەین، لەناو ئەو جامیعەیەدا کۆمەڵێك هاوپەیمانی هەیە، بۆ نموونە هاوپەیمانی ساڵی ١٩٥٢ کە لەوێدا هاوپەیمانیەکی سەربازی مۆر کراوە کە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی توشی هێرشێکی دەرەکی ببێتەوە ئەوە هەموو وڵاتانی عەرەبی پابەندی ئەوەن کە بەرگری لێبکەن، کەواتە تۆ وەکو کورد دەکرێت بخزێیتە ناو شەڕێکەوە کە ئەگەری هەیە ئۆتۆنۆمیش بێت، چونکە کوردستان بەشێکە لە جامیعەی عەرەبی و بەشداربون لەو جامیعەیەدا کورد دەبێت بەکەیذنەیەك کە ١٪ یش کەمترە.

نموونەی دووەم سەبارەت بە دەسەلاتی هەرێمی کوردستان نمونەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی ئۆلاندە لە سوێد. لەیەکەم رۆژی بڕیاردانی ئەو ئۆتۆنۆمیەوە بڕیاردرا سوێدییەکان بۆیان نییە یەك مەتر خاك بکڕن لەو هەرێمەدا.

ئەوەی من زانیاریم هەیە هاوپەیمانی کورد لەبەغدا تائێستا پێنج دەقەش ئەو رێککەوتنەی نێوان مالیکی و بۆش یان مناقەشە نەکردووە کە لە هەژدە بەند پێك دێت بەشی سیاسی و بەشی ئابووری، لەبەشی سیاسی لەیەکەم پەڕەگرافیدا هاتووە، ئەمریکا لەپشت ئێراق دەوەستێت بە هەموو ئیمکانیاتێکەوە بۆ بەرەو ڕووبەڕووونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆی و دەرەکی، هەڕەشەی ناوخۆیی دەتوانێت تۆ بیت وەکو کورد ئەگەر بەپێی بۆ چوونی عەرەبی و ئەمریکی هەڵسوکەوتت نەکرد لەخانەقین و قەرەتەپەو کەرکوك و شوێنەکانی تر لە پەرەگرافی دوو لە بەشی ئەمنیدا هاتووە ئەمریکا پشتی ئێراق دەگرێت لەشەڕدا لە رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ گرووپە چەکدارە نایاساییەکان. هەر لە کاتی کێشەی

دیموکراتیزەکردنی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی دەکرد، هەرچەندە لەمەسەلەی کەمایەتییەکاندا پێشکەوتنێك بەدی ناکرێت لەو پرۆژەیەدا، لەدوای چوار ساڵ ئێستا لەناو خەڵکی ئەکادیمیی و سیاسیەکانی دونیادا باسی ئەوە دەکرێت ئەمریکا پاشەکشەی کردووە لەو پرۆژەیە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئەمریکا لەئەفغانستان نەیتوانی ئامانجی خۆیی بەدەست بهێنێت، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمنیەتی ناوچەکە بپارێزێت و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە زیاتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا دەگونجێت.



بەهمەن عومەر
bahman_omer
@yahoo.com

### دواکەوتنی پرۆژەکانی پیرمام

# گیان و سامانی هاووڵاتییان دەخەنە مەترسییەوە



**میدیا- پیرمام/** لەگەڵ دەستپێکی وەرزی زستاندا هاووڵاتییانی شارۆچکەی سەلاحەددین بەهۆی تەواونەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆو قیرتاونەکردنی کۆڵانەکانیان دڵەڕاوکەیەکی زۆریان بۆ دروست بووە. ئەو ترسەش دەرەنجامی زەرەرو زیانی خەڵك و بریندار بوونی منداڵەکانیانە کە بەهۆی هەڵکۆڵینی کۆڵانەکان تووشیان بووە دەترسن بەهۆی بارینی بارانەوە ئەو چاڵە هەڵکەندراوانە پڕی ئاوبن و منداڵ و هەرزەکارەکانیان بخنکێنن.

محەممەد عەلی دانیشتوی گەڕەکی دوین ئاماژەی بەوە کرد کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە زۆر بەکەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەگەڕەکە کۆنەکانی پیرمام کراوەو ئەگەرچی ئەو گەڕەکانەی ئەوان زۆر پێویستیان بەخزمەتگوزاری بووە.

ئەو هاووڵاتییەی گەڕەکی دوین گوتی: "لەسەرەتای بەهارەوە شارەوانی سەلاحەدین بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژە پێویستییەکانی پێدابووین زۆر دڵخۆش بووین، بەڵام بەلامانەوە سەیربوو کە دەستپێکی جێبەجێ کردنی دواخرا بۆ وەرزی پایز، لەکاتێکدا ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی شاخاوییەو لێرە باران زۆر دەبارێت و ئەوەش کاتی تەواو بوونی پرۆژەکە دوادەخات و بەم هۆیەوە دەیان گرفت بۆ دانیشتوانی گەڕەکەمان دروست دەبێت کە ترسی خنکانی منداڵەکانمان لەهەموویان زیاترە".

مام عوسمان دانیشتووی گەڕەکی شێخ عەبدولقادر، نیگەران بوو بەهۆی هەڵکەندنی کۆڵانەکەیان هاتوچۆی سەیارە نەماوەو بەم هۆیەوە سەیارەی کەپسەکە ناتوانێت بۆ ئەو کۆڵانە بچێت و گوتی: "یەك مانگە ناتوانرێت سەیارەی کەپسی شارەوانی بێتە ئەو کۆڵانە، چونکە ڕێگا نییە سەیارە هاتوچۆی پێدابکات، خۆت ببینە چەند زبڵ و پاشماوەی ماڵان لەکۆڵانەکان دانراون".

ناوبراو لەبارەی ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر زبڵەکانیان فڕێنادرێت و گوتی: "هەفتەی دووجار یان زیاتر کەپسەکە دێت، بەڵام چونکە سەیارەکە ناگاتە ماڵەکان کرێکارەکان ناتوانن پاشماوەی ئەو هەموو ماڵانە لابەرن و هەر بەفریاش ناکەون ئەگەرنا ئێمە سوپاسگوزاری کرێکارەکانی پاککردنەوەین کە بەکۆڵی خۆیان هەرچەند بۆیان بکرێت زبڵ و پاشماوەکان دەگەیەنە کەپسەکە".

لەناو بازاڕی پیرمام فاخیر سەلیمی تەمەن ٣٧ کە دووکاندارە لەسەر ئەو زەرەرەی بەهۆی هەڵکەندنی کۆڵانەکەی بەردەمی دوکانەکەی بۆی دروست بووە گوتی: "ئێوارەی ٢٠٠٨/١٠/١٢ کاتژمێر٧,٣٠ پیکابەکەم کە مازدایەکی دەبڵە بەربۆوە ناو قوڵتی مەنهۆڵەکەی سەر فەرعی تەنیشت دوکانەکەم، بەم هۆیەوە دووچاری زەرەرێکی زۆربووم چونکە دوو دەرگاو دەعامیی پێشەوەی سەیارەکە بەتەواوی خراپ بوون، بۆیە داوا لەکۆمپانیای جێبەجێکار دەکەم قەرەبووی ئەو زیانەم بکاتەوە".

فاخیری زیان لێکەوتوو گلەیی لەکۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە هەبوو کەهیچ تابلۆیەکیان دانەناوەو بەم هۆیەوە زەرەرمەند بووە بۆیە گوتی: "ئەو ئێوارەیە دوای دابەزاندنی کەلوپەلی دووکانەکەم برایەکەم سەیارەکەی دەبردەوە بۆ ماڵەوە کە منداڵە ٩ ساڵیەکەشمی لەگەڵدا بوو، چونکە هیچ تابلۆیەکی لێنەبوو کەوتبووە ناو چاڵەکە".

زیانی هاووڵاتیان تەنیا سەیارەکەی فاخر نەبووە، بەڵکو سەیارەیەکی تریش تووشی هەمان ڕووداوببوو، بەڵام زەرەی کەمتر بەو هاووڵاتییە کەوتبوو، وەنەبێت تەنیا سەیارەکان کەوتبێتنە ناوچاڵە پڕنەکراوەکان بەڵکو چەند منداڵێك کەوتوونەتە چاڵەکانەوەو تووشی ئازارو ناڕەحەتی بوون.

محەممەد خدر تەمەن ١١ ساڵ، لە ٢٠٠٨/١٠/١ کەوتە چاڵە هەڵکەندراوەکەی بەردەمی ماڵەکەیان لەگەڕەکی خۆشناو، محەممەد کە بەحەمۆکەش بانگی دەکەن گوتی: "بەیانیەکەی زوو کاتێك دەچووم بۆ قوتابخانە بەهۆی سەرگەرمیم بەقڵەمو دەفتەرو کتێبەکانی دەستمەوە کاتێکم زانی کەوتمە ناو چاڵەکەوەو هەموو گیانم بووەتە خوێن و چەنگەم شکاوە، کە هێشتا جێگای تەقەڵەکان بەچەنەگەمەوە ماون".

ئەو کاتەی حەمۆکەم دەدوا، یەکێك لەهاوسێکانیان بەناوی زاریێ حوسێن بەگلەیەکی زۆرەوە گوتی: "لەکاتی هەڵکەندندا حەفارەکە تانکیەکی ئاوو یەکێك نەوت کە لەبەر دەرگاکەم داندرابوون خراپ بوون و کاتێکیش گلەییم لەسایەقی حەفارەکە کرد، لەبری دڵدانەوم بەتەوسەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، ئەوە جگە لەوەی کە بۆڕیی ئاومان چەند جار شکاوە".

لەگەڕەکی شەهیدانی یەك، خەسرۆ ڕەسوڵ باسی چونییەتی کەوتنە خوارەوەی توانای کوری بۆ یەکێك لەچاڵەکان کردو گوتی: "٢٠٠٨/٩/٢٩ توانای کورم کە قوتابی هەشتەمی بنەڕەتییە، کەوتە چاڵەکەی سەرووی ماڵی خۆمان، هەرچەندە خۆشبەختانە هیچ جێگایەکی نەشکاوەو دەتوانێت بچێت بۆ مەکەتبەکەی خۆی، بەڵام پاش سێ هەفتە هێشتا هەموو گیانی ئازاری هەیە".

محەممەد سەید ڕۆفاعی تەمەن ٦ ساڵ دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی دووە، کە بەهۆی بەربوونەوە باسکی چەپی شکاوە دایکی محەممەد بەناوی پەروین حەسەن گوتی: "لەمانگی ڕەمەزاندا محەممەدی کوڕم کەوتە ناوچاڵی بەردەگای ماڵی خۆمان و باسکی شکا، کە ئێستاش چاك نەبووەتەوەو خەریکە سەقەت دەبێت، چونکە هێشتا ئەستوورییەکەی نەنیشتووەتەوە".

بەڕێوەبەری پرۆژەکە لەکۆمپانیای میللەت، شیمال سەدیق نعمەت ڕایگەیاند: "بەپێ ئەو گرێبەستەی ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا کردوومانە، مەسیف سەلاحەدین بەسەر دوو ناوچە دابەشکراوە، پرۆژەکەی ئێمە ئاوو ئاوەڕۆو قیرتاوو دیواری پاڵپشتی و کردنەوەی چەند شەقامێك دەبێت بۆ نیوەی پیرمام، کە هەریەك لەگەڕەکەکانی شەهیدانی یەك و دوو و سێ و چوار، دوین، خۆشناو، کاوێس ئاغا، ڕاپەڕین، شێخ عەبدولقادر، سەفین، ئارارات، قامشلی، مەلا مەجید دەگرێتەوە".

بەڕێوەرەی جێبەجێکاری پرۆژە، دەستپێکی کارەکانی خۆی گەڕاندەوە بۆ مانگی ٧، بەڵام لەسەرەتای مانگی ٢٠٠٨/٨ دەست بەکاربوون، لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەو کاتە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان لە پیرمام شیاوو گونجاوە گوتی: "ئێمە دەزانین ئیشەکەمان هێندە ئاسان نییەو کاتەکەش درەنگە، هەر لەبەر ئەوەبوو هیچ کۆمپانیایەك ئامادەنەبوو بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە هەستێت، چونکە تەسکی و گچکەیی کۆڵانەکان و چڕی و ژمارەی زۆری خانوو و ماڵەکان کە هەندێك گەڕەك هەیە شەقامەکەی بەشۆستەوە ٥ مەترە، حەتمەن ئەوە کاری بەزەحمەت تێدا دەکرێت و پارەو کاتی زیاتری پێویستە لەچاو گەڕەکێکی ڕاستەڕێ".

سەبارەت بە هێواشی و دواکەوتنی پرۆژەکان، شیمال گوتی: "هێواشییەکەی لەبەر ئەوەیە هاووڵاتییان هاوکاریمان ناکەن و ئاوەکانی ماڵەکانیان ناگرنەوە، جار هەبووە داوامان لەخەڵك کردووە تەنیا چەند کاتژمێرێك ئاوەکانیان بگرنەوە تائیشەکەمان بەکۆتا دێنین هاوکارییان نەکردووین، جگە لەوەی کە دەبێت هەموو ئەو جێگایانەی هەڵیدەکەنین خاکەکەی تاقی بکرێتەوە لەتاقیگە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێمە لەکاتی خۆمان دوانەکەوتووین و بەگوێرەی ئەوکاتەی بۆمان دیاریکراوە لەگەڵ پرۆژەکان دەڕۆین".

لەبارەی ترسی خەڵك لە ئەگەری دواکەوتنی پرۆژەکان شیمال دڵنیایی داو گوتی: "تا سەرەتای مانگی ٢٠٠٨/١٢، سەری ئاوەڕۆو مەنهۆڵەکانی هەموو گەڕەکەکان بەتەواوی دەگرین، تەنیا قیرتاو دەمێنێت بۆ ساڵی ئاییندە، کە ئەوە دەکاتە ٤٠٪-٥٠٪ جێبەجێبوونی پرۆژەکان و لەگەڕەکی شەهیدان ١و ٢و ٣و ٤ لە ١٠٠٪ کارەکانیان بەدیواری پاڵپشتی و قیرتاوەوە تەواوو دەبێت".

لەبارەی قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانی هاووڵاتییانەوە گوتی: "کۆمپانیا تەنیا بەرپرسیارە لە چاکردنەوەی کێبڵی تەلەفۆن و سیمی کارەباو بۆڕی سەرەکی کۆڵانەکان نەك هی ماڵەکان، بەڕاستی ئێمە حکومەت نین قەرەبووی خەڵکی بکەینەوە ئەوە کارێکە تەنیا لەدەسەڵاتی حکومەت دایە، بۆیە نەئێمەو نەهیچ کۆمپانیایەك ناتوانێت دڵنیایی ئەوە بدات کە سەیارەو منداڵ ناکەونە ناوچاڵەکان".

بەڕێوەبەری جێبەجێکار ئەوەشی ڕەتکردەوە کە زەرەری هاووڵاتییان بەهۆی نەبوونی هێماو تابلۆکانەوە بێت و گوتی: "ڕاستە هەندێك شوێنی کەم هەن تابلۆیان لێنییە، لەبەر نەبوونی جێگای دانانیان، بەڵام ئێمە تابلۆمان داناوەو زۆریش گلەییم لەدانیشتوانی گەڕەکەکان هەیە کە تابلۆکانیان فڕێداوەتە ناو چاڵەکان".



ئیبراهیم عەباس
Iboabas
@yahoo.com

## قەرزاری

# دووکاندارەکانی ناچار کردووە بەهەڵواسینی تابلۆ لەنێو دووکانەکانیاندا



مشکێك قەرزارەکانی سۆران ڕزگار دەکات

**میدیا- سۆران/** "ئایا قەرزکردن دیاردەیە یان نەخۆشی، هەموومان دەزانین ئێستا وەزعی ماددی هاووڵاتییان باشتر بووەو مووچەی فەرمانبەرانیش زیادیکردووە، ئەی بۆچی خەڵك قەرز دەکات ؟"، ئەمانە پرسیارەکانی سەلیم حەسەنی دووکاندار بوون، کە لەسەرەتای قسەکانی خۆیدا ئەم پرسیارانەی لەو کەسانەی دەکرد کە بەردەوام قەرز دەکەن.

ئەو دووکاندارە چۆن بڵێی بەدەست قەرزدارانەوە گیری خواردبێ بۆیە هەرزوو لەنێو یەکێ لەدۆلابەکانی دووکانەکەی دەفتەرێکی بەرگ سووری دەرهێناو گوتی: "دەفتەرێکی تری وەکو ئەوەشم لەماڵەوەیە"، ئەو درێژە بەقسەکانی داو گوتی: "ئێستا زیاتر لە ٤٦ وەرەقەم لەقەرزەو ناوی سەرجەم قەرزداران لەنێو ئەو دەفتەرە دایە". بەپێکەنینەوە گوتی: "ئەو دەفتەرە ناوی هەندێ کەسی تێدایە کە خەڵك شەرمی لێدەکات کەچی لای من قەرزدارە"، بۆیە گوتیشی: "خەڵکانێك هەن خوویان بە قەرزکردنەوە گرتووەو بێشەرمانە ئەم دووکان و ئەو دووکان دەکەن بۆ ئەوەی دووکاندارێك بە قەرز شتیان پێبفرۆشیت".

"ئەگەر بەقەرز شتەکانمان نەفرۆشین بازاڕمان نابێت"، ئەمە قسەی ئەحمەد عەبدوڵڵای تەمەن ٤٣ ساڵ بوو کە لەنێو دووکانە بچکۆڵەکەیدا خەریکی کاسبی و دابینکردنی بژێوی ژیانییەتی لەڕێگای فرۆشتنی کەلوپەلی نێو ماڵدا، ئەو پیرە پیاوە پێی وایە هەر دووکاندارەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵك قەرز بکات و گوتی: "دووکاندارەکان لەپێناو ئەوەی کە کامەییان زیاتر بۆ خۆی کڕیار پەیدا دەکات، هەڵدەستان بەقەرز شتیان بەخەڵك دەفرۆشت، تا خەڵکیان بەو ڕۆژە گەیاندوو و فێری ئەو شتەیان کردن، ئێستاش ئەگەر بەقەرز شت نەفرۆشێت موشتەریت نابێت"، مام ئەحمەد باسی ئەوەش دەکات کە چەندین جار لەگەڵ قەرزدارەکانی بەکێشە هاتووەو شەڕی لەگەڵکردوون بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا پارەکەیان بۆ نەگەڕاندوتەوە، بۆیە ئەو بەسەرهاتەی خۆی گێڕایەوەو گوتی: "ماوەی ساڵێك دەبوو کابرایەك هەندێ پارەی قەرزداربوو، چەند جارێك ئاگادارمکردووە کە پارەکەم بداتەوە، کەچی ئەو کاتانەی دەهات بۆ بازاڕ لەو بەرەو دەڕۆیشت بۆ ئەوەی نەیبینم، ڕۆژێك دیتم بەخێرایی بەپێش دووکانەکەمدا ڕەت بوو، بەخوا شەرمم نەکردو دەستم دایە گۆچانەکەو بەدوایی کەوتم، پێش ئەوەی بگاتە لای دۆلارفرۆشەکان چەند گۆچانێکم خێواندە پشتی و بووە کێشەمان، بۆیە خەڵك هاتە نێوانمان و پێم گوتن: ئەو کابرایە قەرزداری منە، ئەو چەند گۆچانەیەم لێداو لێی خۆش بووم)".

سامی کوڕە گەنجێکی بالابەرزەو ٣ ساڵە دووکانی لەگەڕەکەکەی خۆی داناوە، زۆربەی قەرزدارەکانی سامی برادەرو هاوسێیەکانی خۆیەتی، ئەو هەروەکو خۆی باسیکرد نزیکەی ٤٣٠ هەزار دیناری چاپی ئێستای لای هاوڕێی و دراوسێیەکانیەتی، بەڵام دوایی ئەوەی مشکێك سەر بە دووکانەکەی سامی دەکات و لەجیاتی خواردنی بسکێت و شیرنەمەنی دەکەوێتە خواردنی دەفتەری قەرزداران و شتێکی وا بۆ سامی بەجێناهێڵێ کە بزانێ کامە برادەر چەندی قەرزداری ئەوە، بۆیە سامی بەهەناسەیەکی ساردەوە گوتی: "ئەگەر برادەران بەخێری خۆیان بڵێن ئەوەندە پارە قەرزداری تۆین، ئەگەرنا نازانم چەندێك قەرزارن"، سامی ئێستا هەوڵ بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە دەدات بۆئەوەی ئەمجارەیان پەند لەو مشکە وەربگرێت کە چیتر قەرز بە کەسی تر نەدات.

دووکاندارەکان لەترسی قەرزداری خەڵك بەدەیان نوسراوییان لەدووکانەکانیان هەڵواسیووە کە داوا لەکڕیارەکان دەکات بەهیچ شێوەیەك داوای قەرز نەکەن، بەڵام دیسان هاووڵاتییان بایەخ بە نووسراوی دووکاندارەکان نادەن و داوای قەرز دەکەن، دووکاندارێکی تر کە ئامادە نەبوو ناوی خوی ئاشکرا بکات گوتی: "هەر هاووڵاتییان نین کە قەرز لەبازاڕ دەکەن، ئەوەتا هەندێ دەزگای حکومی و بەشێك لەحیزبەکانی دەڤەرەکەش هەن کە قەرزداری بازاڕن"، ئەو دووکاندارە ئاماژە بەناوی چەند بەرپرسێکی سنوورەکەش دەکات کە لای ئەو قەرزدارن و گوتی: "بەرپرس هەیە مانگی ٦ وەرقە وەردەگرێ، کەچی ڕۆژانە دێتەلام و شت بەقەرز دەبات و دەڵێ بینووسە تا سەرە مانگ دێت".

سەرە مانگ لای هەندێ لەدووکاندارەکانی سۆران وەکو جەژن وایە، چونکە لەو ڕۆژەدا بەشێك لەقەرزەکانییان بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەکو ئەو دووکاندرە گوتی: "چۆن سەرە مانگ بۆ کەسانی مووچەخۆر جێگای دڵخۆشیی و گیرفان گەرمییە، بۆ ئێمەش ئەو ڕۆژە وەکو جەژنێك وایە چونکە بەشێك لەقەرزەکانمان بۆ دەگەڕێتەوەو گیرفانی ئێمەش بەگەرم دەکەوێتەوە".

مامۆستا مستەفا پێشتر دووکانێکی بچکۆلانەی ساردەمەنی هەبووە لەنێو بازاڕی سۆراندا، بەڵام پارەیەکی زۆری دەچێتە قەرز، بۆیە هەڵدەستی لافیتەیەکی ڕەش لەسەر دووکانەکەی هەڵدەواسێ و تیا دەنوسێت، قەرزداری لەساردەمەنی (....) کۆچی دواییکرد، الفاتیحە، دوای ئەوەش ساردەمەنییەکەی بەتەواوی دادەخات و تەنیا کارو کاسبی مامۆستا دەبێتە گەڕان بەدوای قەرزدارانی و گوتی: "هەندێ پارەم وەرگرتووەتەوە، بەڵام کەسانێك هەن دەڵێن پارەت نادەینەوە چیت پێدەکرێ بڕۆ بۆ خۆت بیکە".

قەرزداری هەر تەنیا بەرۆکی دووکاندارەکانی نەگرتووە، ئەوەتا بەشێك لەشۆفێرانیش بەدەست ئەم دیاردەیەوە پەرێشانن، شوفێرێك کە حەزی نەکرد ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی: "لەم وڵاتەدا شەرم نەماوە منداڵیش داوای قەرز دەکات"، ئەو شۆفێرە هەروەکو خۆی باسی دەکات ڕۆژانە لەنێوان هێڵی سۆران- ڕانییەدا کاردەکات، بۆیە ئەویش خاوەن دەفتەرێکی بچووکی نێو گیرفانە، کە ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی تیا تۆمارکردووە کە ڕۆژێك لەگەڵ ئەوە سواربوونەو پێیان گوتووە، با لای بەڕێزت قەرزدار بین باشترە نەك لای بێگانەیەك.

ئەو شۆفێرە بڕیاریداوە کەوا ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بفرۆشێت و دەستبەرداری ئەو کاسبییە ببێت و گوتی: "زەرەر لەنیوە بگەڕێتەوە باشترە، ئیدی وا چاکە ئۆتۆمبێلەکەم بفرۆشم و واز لەو کارە بێنم، چونکە دەزانم ئەو خەڵکە گەر بە شتێکیانەوە گرت ئیدی وازی لێناهێنن"، بەپێکەنینەوە گوتی: "با من وازییان لێبێنم".



مەهدی محەممەد ڕواندزی
mehdi_rwandzi
@yahoo.com